

# ئەڵقەیەکی زیرەک بۆ کۆنترۆڵی ئامێرەکان

کاتژمێرەکان بەرەو هۆشمەندی و زیرەکی ڕۆیشتون، وردە وردە ئامێرەکانی دیکەش بەرەو زیرەکی دەڕۆن بۆ نموونەی ئەنگوستیلەی هۆشمەند! پێشووتریش باسی ئەڵقەی هۆشمەندنمان کردبوو و هەواڵمان لەسەر بڵاوکردبۆوە.. دیارە گوستیلە هۆشمەندەکان زیاتر دەبن بۆ نموونە ئەنگوستیلەی هۆشمەندی neyya کە بەهۆیەوە دەتوانی کۆنترۆڵی مۆسیقی سەر مۆبایلەکەت بکەی یا بە کامێراکەت وێنە بگری. ئەگەر کورتەپەیام یان پەیوەندییەکت بۆ هات ئەڵقەکە لە پەنجەتدا دەلەرێتەوە، هەر لەرینەوەیەکیش مانای تایبەتی خۆی هەیە. ئەلقەکە لە مادەیەکی گرانبایی دروستکراوە و بە زێڕ رووپۆش کراوە لەگەڵ سیستەمەکانی ویندۆز و ئەندرۆید و ios دەگونجێت.






# کیبۆردێک بۆ دەربڕ

کیبۆرد کە تایپ کردن سوودی لێوەردەگیری و بە هەموو فەرمانەکانی کۆمپیوتەر بە کیبۆرد جێبەجێ دەکرێن و بە جۆری لەسەر دوگمەکانی پیتی لەسەر نەخشێندراوەو ئەگەر دوگمەیەك دابگری پیتەکە دەنووسرێت، بەڵام لەم ماوەیەدا کیبۆردێك بەرهەم هاتووە کە لەبری پیت هێماو ئایکۆنی دەربڕی هەست هەیە، بۆ نموونە ئەو هێماو ئایکۆنانەی کە



# سپرایەکی هۆشمەند خۆی نیگار دەکێشێ

لەسەر دیوارەکان یان تاوەرە بەرزەکان ریکلام بۆ شتێك دەکرێت، بۆ نووسین و ریکلام کردن لە سەر دیوار و شوێنی بەرز خۆشنووسێك یان نیگارکێشێك بە فلچە یان سپرای تایبەت خەتەکە دەنووسێت یان نیگارەکە دەکێشێتەوە، ئەوەی دەستی نیگارکێشانی نییە ناتوانێت وێنەیەکی جوان لەسەر دیوار بکێشێتەوە.. سپرایەکی هۆشمەند بەم دوایانە بەناوی spray-printer بەرهەم هاتووە کە بە سوودوەرگرتن لەو سپرایە هەر ئەوەندە بەسە لەسەر مۆبایلەکەت ئەو وێنەیەی کە مەبەستتە بۆی دیاری بکەی، ئیدی سپراکە لە بەرامبەر دیوار رابگرە بە کامێرایەك کەلەسەر سپراکە هەیە بەشێوەی ئۆتۆماتیك ئەو وێنەیەی کە مەبەستتە دەیکێشێتەوە.. بەهۆی ئەم سپرایەوە هەموو کەس خەتخۆش یان نیگارکێشە..





# پاوەر بانکێک بە تیشکی خۆر کار دەکات

مۆبایل و کامێرا و ئامێرەکانی دیکە کە پێویستیان بەوەیە باترییەکەیان شەحن بکرێتەوە، گرفتی هەرە سەرەکیان هەر ئەو شەحنکردنەوەیە، کە لە گەشت و گەڕان و مانەوە لە چیاو دارستاندا شەحنیان دابەزێت و پەکت بکەوێ.. بۆ کاتە زەرورییەکان یان دەبێت باتری زیادیت پێ بێت یان ئامێرێکت پێبێت کە شەحن بکاتەوە. پاوەربانکەکان ئامێرێکی بە سوودن بۆ شەحنکردنەوە ئامێرە دیجیتالییەکان، بەڵام گرفت لەوەدایە ئەویش شەحنی دادەبەزێت..

کۆمپانیای هواوی بەمەبەستی چارەسەری ئەم گرفتە پاوەربانکێکی بەرهەم هێناوە کە لە تیشکی خۆر سود وەردەگرێت. پاوەربانکەکە کێش و قەبارەی هەر بەقەد پاوەر بانکی دیکەیە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە هەم بە کارەبا و هەم بە تیشکی خۆر شەحن دەبێتەوە..




## ـــــڕینی هەستەکان

تایبەتن بە دەربڕی شادی، خەم، سەرسوڕمان.. پێکەنین.. شەرم...تاد. کیبۆردەکە کە بە emoji keboards ناسراوە ٤٧ دوگمەی هێمای دەربڕی هەستی تێدایە. دیارە وەك هەموو کیبۆردێکی دیکەش دەکرێت نووسین تایپ بکەی بۆ سوود وەرگرتن لە هێماکانیش دەبێ دوگمەیەك بەناوی Emoji دابگری و پاشان دوگمەی هێماکە دابگری..

# تەبلێتێک تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی

زۆربەی ئامێرە دیجیتالییە ئەلکترۆنییەکان وەك کۆمپیوتەر، لاپتۆپ، تەبلێت.. یاری ئەلکترۆنیان پێدەکرێت، بەڵام ئەوانەی باسیان کران تەنیا و تەنیا تایبەت بە یاری کردن نین و ئەرکی دیکەشیان پێ ئەنجام دەدرێت.. هەرچەندە لەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێدان هەیە کۆمپانیای بەرهەمهێن تایبەت بە یاری دروستی دەکات.

کۆمپانیای nvidida لەم ماوەیەدا تەبلێتێکی تایبەت بە گەیمی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری K١ ناسراوە. تەبلێتەکە ١٦ گیگابایتە و سیستەمی وای-فای هەیە. تەبلێتەکە دەکرێت وەك سێرڤێرێك سوودی لێوەربگیردرێت. چونکە لەگەڵ سیستەمی سترێمی nvidia پەیوەند دەدرێت و بە ئاسانی گەمە قورسەکان دەکاتەوە. خێرایی تەبلێتەکە ٢,٢ گیگاهێرتزە و شاشەکەی ٨ ئینجە، کیبۆرد و قەڵەمێکی تا یبە تیشی لەگەڵدایە، جگە لەوەش دەستەی گەیم واتە جویستیکی لەگەڵدایە.





# هەوای پاک لە هەموو شوێنێ

ژینگە بەتایبەتی ژینگەی شارە گەورەکان هەتا دێت لە هەوای پاك دادەماڵرێت، ئیدی کێشە هەر دەستنەکەوتنی ئاوی پاك نییە بەڵکو هەوای پاکیش بۆ هەڵمژین گرفتی سەرەکییە.. هەر مرۆڤێك لە رۆژدا زیاتر لە ٢٥ هەزار جار هەناسە دەدات و هەناسە هەڵدەمژێ و ناپاکی هەوا زیانێکی زۆر بە سیستەمی هەناسەدان دەدات..

ئەم ئامێرە بچووکەی کە دەیبینن بە iBreathe ناسراوە، ئەرکی ئامێرەکە ئەوەیە کە وردبینی و راپۆرت بۆ مۆبایل و پرۆگرامێکی تایبەت بنێری سەبارەت بە هەوای ژینگە. بەهۆی ئەو زانیارییانەوە بەکارهێنەر دەتوانێ گۆڕانکاری لە ژینگەکەی دا بدات و زانیاری لەبارەی ژینگەکەیەوە بزانێ. جگە لە بەخشینی زانیاری لەبارەی هەواوە، خودی ئامێرەکە هەتا ٢٠ مەتر دەوروبەری خۆی دەتوانێ باکتریا و مادە زیانبەخشەکان دوور دەکاتەوە.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت ماوەیەکە ئەو ڤایرۆسەی کە شۆرتکات دروست دەکات هاتۆتە ناو کۆمپیوتەرەکەم بۆ لەناوبردنی چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز دەبێت باشترین ئەنتی ڤایرۆس بەکاربێنی، بەڵام زۆرجاران بەهۆی ئەویشەوە ناسڕێتەوە چونکە لە رێگای فلاش میمۆرییەوە زوو دەگوازرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانە بگرە بەر. لە بەشی CMD کە کەوتۆتە system tools هەڵبژێرە دوای ئەوەی کە پەنجەرەکە کرایەوە ئەم بنووسە attrib -h -r -s /s /d g*.*: دیارە پیتی G بەمانای ئەو ئەو درایڤە دێت کە مەبەستتە، ئەگەر فلاش میمۆرییەکەت چ ناوێکی هەبێت دەبێت ئەو پیتە بنووسی.

# تکایە هەندێک شەحنم بۆ بەڕێ بکە!

ئەو کاتانەی کە نیازت هەیە بە مۆبایلەکەت پەیوەندی بەیەکێکەوە بکەی، بەڵام دەبینی مۆبایلەکەت هیچ باڵانسێکت بۆ قسەکردن نییە. ئەگەر شوێنەکەت کارتی پڕکردنەوەی باڵانسی لێنەبوو ناچاری داوا لەکەسێك بکەی کە یارمەتیت بدات.. ئەی ئەگەر مۆبایلەکەت بەتەواوی شەحنی دابەزی و هیچ ئامرازێکی شەحنکردنەوەش لە گۆڕێدا نەبوو، ئەوکات چ دەکەی.. ئەویش بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە ئەرکەکە ئاسانە، بەهۆی کێبڵی powerMe بە ئاسانی دەتوانی شەحن بۆ گشت ئامێرێك بنێری. تەنانەت دەتوانی بەهۆی ئەو کێبڵەوە دوو شەحن لە دوو سیستەمی لێك جیا وەك ئەندرۆید و ئایفۆنیش بەڕێ بکەی..

هەرچەندە کێبڵەکە هەتا ئێستا بە فرەیی نەکەوتۆتەوە بازاڕەوە بەڵام لەداهاتوویەکی نوێدا لە بازاڕ دەبیندرێ و ئەمەش دەبێتە گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا.



# پایسکل لە سەردەمی دیجیتالیدا



چەند جارێکی دیکەش سەبارەت بە گۆڕینی سیستەمی پایسکل لەسەردەمی تەکنەلۆژیای سەردەمدا هەواڵمان بڵاوکردۆتەوە، پایسکل کە هەتا دیزاین و پێکهاتەکەی بەو جۆرەیە کە رۆژانە دەیبینین و نزیکەی سەدەیەکیشە هەر بەم شێوەیەیە.. ئەویش لەداهاتوودا گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە پایسکلی جۆری CERV کە بەپێی بەرزی و نزیمی بەکارهێنەرەکەی گۆڕانی بەسەردادێت، کورسی دانیشتنەکەشی دەگۆڕدرێت، ئەم پایسکلە سوکانەکەی وەك سوکانی پایسکلی دیکە ناچێت و هیچ زنجیرێکیشی تێدا نییە. لەکاتی لێخوڕیندا بەشێوەی ئۆتۆماتیکی خۆی دەگۆڕێت و ئارامترین و تەندروستترین حاڵەت بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕەخسێنێت.

# لە ویندۆز ١٠دا بەبێ هیچ پرۆگرامێک فیلم بگرە

لە ویندۆز١٠دا بەبێ هیچ پرۆگرامێك دەكرێت فیلم لە شاشە هەڵبگریەوە. دیارە مەبەستی مایكرۆسۆفت وێنەهەڵگرتنەوە لە یارییە ئەلكترۆنییەكانی سەر شاشە بووە بۆیە ئەم توانایەی بە game DVR ناساندووە، بەڵام نە تەنیا فیلم لە گەیمەكان هەڵدەگرێتەوە بەڵكو ئەوەی مەبەستتە دەتوانی فیلمی لێ هەڵبگریەوە. بۆ سوود وەرگرتن لەم توانایە ئەم هەنگاوانەبگرە بەر.

١- پرۆگرام یان ئەو یارییەی مەبەستانە فیلمی لێهەڵبگرنەوە بیكەنەوە.
٢- دوگمەی پەنجەرە واتە (windows) و G دابگرە. كە داتگرت پرۆگرامێكی بچوك دەكرێتەوە.
٣- لەو شریتەی كە كراوەتەوە لەسەر ئەو شوێنەی كە نووسراوە this is a game, yes كلیك بكە.
٤- ئێستاكە ئەگەر كلیك لەسەر ئایكۆنە سوورەكە كە نیشانەی ریكۆردەرە بكەی دەست دەكات بە فیلم هەڵگرتنەوە.
٥- بۆ كۆتایی هێنانیش دوو دوگمەی windows+G دابگرە و لەسەر دوگمەیەك كەتایبەتە بە وەستان ستۆپ كردن كلیك بكە ئیدی كۆتایی دێت.







## سایتێک بۆ دابەزاندنی پرۆگرامەکانی مۆبایل

دەتوانرێت بەهۆی پلەی ستۆری ئەو پرۆگرام و یاریی و ئەپلیكەیشنانەی كە تایبەتن بە سیستەمی ئەندرۆید لە ئینتەرنێت بەخۆڕایی یان بە پارە دابەزێنی. بەڵام زۆر جاران كە نیازتە پرۆگرامێك دابەزینی بەو دێرە وەڵامت دەداتەوە (ئەم پرۆگرامە سنووردارە و لە وڵاتی ئێوە دانابەزێت). بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە سەر لە سایتی HTTPS://APKPURE.COM/ بدە سایتێك كە ئەوەی مەبەستە لە پرۆگرام و یاری و ئەپلیكەیشنی جۆراوجۆر تایبەت بە سیستەمی ئەندرۆید تێیدایە. پرۆگرامەكان زۆر بەخێرایی دادەبەزن لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری ورد سەبارەت بە پرۆگرامەكە لە سایتەكەدا هەیە.

